کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# داوایەك بۆ بەردەم كەناڵەكانی راگەیاندن



ئەحمەد محەمەد ئابلاخی*

جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان راگەیاندنی كراوەو راگەیاندنی سەربەست، ئەڵبەت مەبەست لەڕاگەیاندنی سەربەست ئەو راگەیاندنەیە كە بەبێ سانسۆر راستی رووداوەكان بگوێزرێتەوە لەگەڵ پارێزگاریكردن لەبێلایەنی‌و دانەتاشین بەلای لایەكدا، ئەڵبەت هەر ئەم راگەیاندنە سەربەستە دەكرێت كراوە نەبێت بەگوێرەی سیاسەتی كەناڵەكە، ئێمە لەڕۆژنامەی رۆژانەی سلێمانیدا تەواو سەربەستین، بەڵام لەكاتی شەڕە ناوخۆییەكانی (پارتی‌و یەكێتی)ییەوە تەواو خۆمان دوور گرتووە لەوەی خەبەری ئاشووب‌و شەڕەكان‌و سەركەوتنی لایەك بەسەر لایەكی ترداو گرتنی ئەم شاخ‌و ئەو دێ لەلایەن لایەكیانەوە باس بكەین، بەو پێیەی ئەو هەواڵانە خزمەتی گەلەكەمان ناكات‌و هەر بۆ كەناڵەكانی خۆیان باشە، تا ئێستاش خۆمان نادەین لەئاقاری هەواڵەكانی حزب‌و تەنانەت حكومەتیش، هەواڵی ئاوەدانكردنەوەی گوندێكمان لا گرنگترە لەهەواڵی كۆبوونەوەكانی ئەوان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە رۆژنامەكەی ئێمە سەربەستە، بەڵام كراوە نییە. لێرەوە من ئەمە بۆ دووەمجارە بانگەوازی ئەوە بكەم با چیتر كەناڵەكانی ئێمە نەبێتە جوقی تیرۆریستان، ئاخر برادەرینە تا ئێوە هەبن چالاكی‌و تەقینەوەو هەواڵی وێرانكارییەكانی ئەوان بڵاوبكەنەوە، ئیتر ئەوان چ پێویستیان بەكەناڵێكی راستەوخۆی خۆیان هەیە، لەسەردەمی شۆڕشی گەلەكەمان دژ بەڕژێمی دكتاتۆری سەدام دوو سەعات رادیۆیەكت بە دزییەوە دەنا بە گوێتەوە تا ئیزگەكانی یەكێتی‌و

پارتی وەربگریت بۆ ئەوەی چالاکییەکانی پێشمەرگەت گوێ لێبێ کە ئەوە ورەی بەخەڵکی دەداو برەوی بە شۆڕشەکەش دەدا، ئایا ئیزگەو تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی بەعس باسی چالاکی پێشمەرگەیان دەکرد یان تەنانەت ئەگەر بیانزانییایە کەسێك بەشوێن ئەو هەواڵانەدا ئەگەرێ چییان پێ نەدەکرد؟ راستە ئەو رژێمە دکتاتۆری بوو راگەیاندنێکی ئاڕاستەکراوو داخراویشی هەبوو بەهیچ جۆرێك باوەڕی بەڕاگەیاندنی سەربەست و دیموکراسیی و کراوە نەبوو، بەڵام خۆ حزبە کوردییەکان بەشێوەیەکی دیموکراسییانە بەرامبەری ئەوان نەوەستابوون، چونکە بەعس باوەڕی بەدیموکراسیەت و ئەوجۆرە خەباتە نەبوو بۆیە کورد دەیویست بەزەبری چەك مافی خۆی وەرگرێت، ئێ خۆ ناشکرێت ئەو گازی کیمیاوییەمان پیابڕێژێ و بەتۆپ و تەیارە ئێمە قڕبکات و ئێمەش بەقسەی خۆش داوای مافەکانمان بکەین، کەواتە لەخەباتی دیموکراسیدا هەردوو بەرامبەر زمانێکی تریان هەیە بۆ تێکۆشان کە دەشێ راگەیاندنەکان رۆڵێکی باشی تیاببینن و لەهەمان کاتیشدا دیموکراسی بێ و بەڕاشکاوانە هەموو هەواڵەکان و هەموو بیروڕاکان بخرێنە بەردەم خەڵکی، تائەوانیش رای خۆیان هەبێت و لایەنێك بن لەو تێکۆشانە دیموکراسییەداو هەر لایەنە بۆ خۆی پاڵپشت و جەماوەر بۆ خۆی دروست بکات، لەم کاتەدا رۆژنامەو کەناڵی راگەیاندنی سەربەست و کراوە دەتوانن دیموکراسی بن، بەڵام ئایا ئەو تیرۆریستانەی کە دەیانەوێ ژن و منداڵی بێ تاوان و پیروپەکەوتەی بێ دەسەڵات و سیاسیی و بێ لایەن هەمووی بەیەکەوە بکەن بەتەقینەوەکانیانەوە، دەکرێ ئەو هەواڵە رەشانەیان بۆ بڵاوبکرێتەوە یا دەبێ سەرکووت بکرێن و ریسواو بنبڕبکرێن. ئا لێرەوە ئەوەتان بیر دەخەمەوە: راگەیاندن بوارێکی حەساس و وردە وەك تیغێکی دوو سەر وایە دەکرێ خۆشت ببڕێ ئەگەر نەتزانی بەکاریبهێنیت.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی